**بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا (١٠)**

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

# بۆکان لە کتێبی (تاریخ فرهنگ و ادب مکریان) دا، نووسینی ابراهیم افخمی

مزگەوتی حەمامیان: ئەو مزگەوتە پێش شەڕی هەوەڵی جهانی لە ساڵی١٣٢٨ ی کۆچی بە هەوڵی مەحمووداغای ئێلخانیزادە و بە میعماریی رەوانشاد میعمارباشیی مەراغەیی درووست کراوە کە نەوەکەی ئێستاش بە نێوی وەستا سەعدەڵڵا لە بۆکان دەژی.

کاک تایر ئێلخانیزادە لە کتێبی (ئاوڕێک لە موکریان) دا لە سەر چۆنیەتی دروست کردنی ئەو مزگەوتە لە زمان مەحمووداغاوە ئاوا دەڵێ:

وەک بۆخۆی دەیکوت میعماری لە ئیسفەهان راهێناوە . دەیکوت خەندەکی زۆر قووڵ بوو چونکە جێگەکەی نەرمان بوو پاش دوو گەز گەیشتۆتە ئاو هێندیان قووڵ کردووە سێ نەردیوانیان لێک بەستووە تا گەیشتۆتە عەرزی پتەو. ئەوجار لەوێڕا بە قوڕ و قسڵ و وردە بەرد پڕیان کردۆتەوە بەردو قسڵ و خیز و گڵ تێکەڵی دەکەن و دەخەندەکەکەی دەکەن پێیان کوتووە شۆرباوڕێژ . دەنێو ئاوەکەدا تێکەڵیان دەکەن و لێکی دەدەن وەک چۆن شۆرباو لە قاپ دا تێکەڵ دەبێ تا ئاوەکە وشک دەبێ و خەندەک پڕ دەبێتەوە جا ئەو جار دیواری لە سەر دادەنێن . پاش بڵیندبوونی دیوارەکان بە یەک تاق وێکهاتوونەوە . هەموو دیوارەکان و میچەکە ی گەچ بڕی کراوە و زۆر جوان بە نەقاشی رەنگاورەنگ رازاوەتەوە . مزگەوتی وا لە کوردستان دا نییە . لە لای رۆژاوای دیوێکی گەورە دروست کراوە بە دار و کاریتە سەری گیراوە بۆوەی خەڵک زستانان کە لە مزگەوت کۆ دەبنەوە لەو دیوەی پێشێ دانیشن و جگە لە وەختی نوێژکردن نەچنە نێو مزگەوتەکەوە بە کوردی خۆمان پێی دەڵێن چەقەخانە لە لای رۆژهەڵاتیش حوجرەی فەقێیانی لێبوو.

حاجی سەید شێخ گۆڵ : حاجی سەیدشێخ گۆڵ لە ئاوایی (بۆسکێن یا سندۆڵان) لە عێراق ملکی بنەماڵەکەیان لە ساڵی ١٢٨٢ ی کۆچیی مانگیی لە دایک بووە و تۆرەمەیان دەچێتەوە سەر حاجی کاک ئەحمەدی سلێمانی. ئەو شەهیدە مەبارەکە لە زێدی خۆی بە گوێرەی رەسمی بنەماڵەیی خەریکی ئیرشاد و رێنوێنی خەڵک بوو . دووکوڕی هەبووە بە نێوەکانی شێخ حەسەن و شێخ حوسێن و هۆگری بۆ دینی ئیسلام وابووە کە دیتوویە کەسانی غەیرەدین هێرشیان کردۆتە سەر خاکی ئیسلام (هێرشی هێزەکانی رووسیەی تیزاری ساڵی ١٣٣٣ی کۆچی) بۆ سەر خاکی ئێران و بە تایبەت کوردستانی موکری ئەو پیاوە ئازایە بە مەنزووری جیهاد و راوانی دەست درێژکەر دەگەڵ مرید و مەنسووبانی خۆی پێی ناوەتە شەڕی قورسی جیهانیی دووهەم لە بەینی هێزەکانی عوسمانی و رووسیە و دوای چەند رۆژ مانەوە لە ئاوایی قوولەری بۆکان کە ملکی یەک لە ساداتی تایفەی خۆی بە نێوی (شێخ علی حسێن برزنجی) ناسراو بە (نقیب الاشراف) بووە شکستێکی گەورەیان تووشی هێزەکانی رووس کردووە بەڵام بەداخەوە بە هۆی ئاوری تۆپخانەی قورسی هێزەکانی رووسیە لە نزیک ئاوایی سێ کانیان و گوێک تەپە شەهید بووە لە رێکەوتی پێنجی مانگی تیری ساڵی ١٣٣٣ دەگەڵ تابوورئاغاسی یەک لە ئەفسەرانی عوسمانیو چەند کەسێکی دیکە. جەنازەی سەید گوڵ دەبەنە ئاوایی قوولەر و لەوێ بە خاکی دەسپێرن بەڵام دوای چەند مانگ چەند کەس لە خزم و قەومی دێنە قوولەر و دەیانەوێ جەنازەکە بەرنەوە بۆ زێدی خۆی و کاتێک بە جەنازەکەوە دەگەنە ئاوایی ناچیت خەڵکی ناچیت بە پیر جەنازەکەوە دێن و داوا دەکەن جەنازەکە بۆ هێچ کوێ دیکەی نەبەن و هەر لە ناچیت بنێژ رێ و قەولیان دا وارش و قسن لە دەوری مەزارەکە دروست بکەن و کەس و کاری سەید گوڵیان قانع کرد هەر لە ناچیت دەگەڵ چوار هاورێی دیکەی بینێژن و لەو کاتەوە مەزارەکەی زیارەتگای مسوڵمانانە. سەید گوڵ لە کاتی شەهیدبوونیدا تەمەنی پەنجا ساڵ بووە.

سەیفەدین خانی سەردار: سەیفەدین خانی سەرداری موکری دایکی خانمێکی تیلەکۆیی و بابی عەزیزخانی سەردار بووە و ساڵی ١٢٨٠ی کۆچی لە دایک بووە و دوای فەوتی عەزیزخان هەر لە تەمەنی حەوت ساڵیدا بە ئەمری ناسرەدین شا بۆتە حاکمی سابڵاغ . سەیفەدین خان ئینسانێکی لایق و لێهاتوو ، پیاوێکی کارلە دەست هاتووی خاوەن هۆش و

زیرەک بووە و زمانە شەرقیەکانی وەک ترکی و فارسی و عەرەبی و کوردی و هەروەها فەرانسە و کەمێک ئینگلیسی و ئالمانی زانیوە لە کاتی حاکمیەتی سابڵاغ دا لە لای عەللامە پیرەباب عیلمی مەنتیقی خوێندووە و قودرەتی تەشبیە و تەحلیلی وابووە کە لە هەموو ئەو ئێرانیانەی ناردرابوون بۆ ئوروپا لە هەمان لە سەرتر بووە. لە کاتی تەنگانە و موسیبەت دا پیاوێکی بە دەهۆ و خۆڕاگر بووە و کوردستانی موکریی لە زۆر تەنگانە و ئاژاوە نەجات داوەو ئارامی کردۆتەوە . لەتەمەنی حەوت ساڵیدا کە بووە بە حاکمی سابڵاغ دایکی نیابەتی کردووە و بە مودیرییەتی دایکی ئەو هەموو ملک و ماڵەی کە زیاتر لە ۸۰۰ ئاوایی بووە ئیدارە کراوە. ئاوایی خۆش و با سەفای سەردەاباد بە ئەمری ئەو دروووستکراوە . زۆری عەلاقە بە ئاوەداانی شار و دێهات هەبووە و پابەندی دین و مەزهەبیش بووە. مزگەوتی بۆکان ، قەڵای سەردار و حەوزە گەورەی بۆکان هەمووی یادگاری ئەو پیاوە پاک نیهاد و نێو بەدەرەوەیەن کە بۆ هەزینەی دروستکردنی ئەو بینایانە ئاواییەکانی تبت ، ئینگیجە و کەرێزەی فرۆشتووە. مزگەوتی بۆکان بە درێژایی ۳۰ میتر و پانایی ۲۵ میتر شازدە گومبەز و ٦ شانشینی هەیە کە لە سەر ۹ کۆڵەکە کە بەرزاییان ۲ میتر و ئەستوورایان میترو نیوێکە دامەزراوە و پەنجەرەکانی رۆژاوای مزگەوتەکە روو بە حەوزەگەورە درووست کراون. تاریخی درووستکردنی مزگەوتەکە ۱۳۱۰ ی کۆچییە . میعماری ئەو مزگەوتە وەستا عەلی ئیسفەهانییە و کرێکارەکان رۆژێ کەمتر لە تمەنێکیان حەقدەست بووە. حەوزە گەورەش بە دەوری چەند کانیەک کە لە عەرز هەڵدەقوڵێن دروستکراوە بە درێژایی ۳۰ میترو پانایی ۲۵ میتر و قووڵاییەکەی ۳ میترە. ۳ جۆگەی پڕئاو لەو حەوزەڕا بەرەو رۆژهەڵات و رۆژئاوای شارەکە لەو حەوزەڕا سەرچاوە دەگرێ و ئاوی باغاتی شارەکە و مەزراکانی دەوروبەر تەئمین دەکا. ئاوی ئەو حەوزە لە زستان دا گەرمە و بۆ مەلە کردن دەبێ . سەیفەدین خان بە یاریدەی چەند موهەندیسی رووسی تروومپایەکی لە تەنیشت یەک لەوجۆبارانەی لە حەوزەکەرا سەرچاوە دەگرێ دامەزراندبوو کە بە شێوەیەکی تایبەت بۆ بردنە سەرێ ئاوەکە بۆ قەڵای سەردار درووست کرابوو بە لوولە کێشی ئاوەکەیان تا دووسەد میتر دەبردە سەرێ و دەیانگەیاندە قەڵا. ئەو تروومپا خودکارە شەو و رۆژ ٤٠ ساڵ کاری کردووە و دوایە کە لە کار کەوتووە نەیانتوانیوە چاکی بکەنەوە. ئاوی حەوزی بۆکان و ئاواییەکانی کۆلتەپە و ئاڵبلاغیش لە بن کێوی ناڵەشکێنەوە کە بە سەر شارەکەدا دەڕوانێ سەرچاوە دەگرێ . کتێبی (جغرافیای غرب ایران ) نووسینی ژاک دومورگان فەرانسەوی و کتێبی (خاطرات حاج سیاح) باسی بۆکانی سەردەمی سەیفەدین خانیان کردووە و چاویان بە سەردار سەیفەدین خان و شاری بۆکان کەوتووە.

ئەو سەرداره لێهاتووە بەهۆی خەیانەت و فریوخواردنی یەک لە ژنەکانی دەرمانداو کراوە . ئەو ژنەی سەردار (حسن جهان خانم) کچی (مظفر السلطنه ) خزمی سەردار بووە و رووداوەکە ساڵی ۱۳۰۸ ی کۆچی لە بۆکان قەوماوە.

کاک ( محمودپدرام) لە کتێبی (تمدن مهاباد) دا باسی هێندێک ئاسەواری مێژوویی ناوچەی بۆکان دەکا وەک :

**کێوە سوور** : لە بیست کیلومیتریی جنووییساینقەڵا و ئاخرین شوێنی حەوزەی بۆکان هەڵکەوتووە و تا ئاوایی (عقربلو) فاسیلەیەکی وای نیە . ئەو ناوچەیە زنوێر و کوێستانە. لە سەر کێوەکە و لە داوێنی ئەو کێوە هێندێک نەخشی لێیە، زۆر قەدیمن و وێدەچێ ئی دەورانی پێش مێژوو بێ ئەو نەخشانە زیاتر بزنە کێوی بە شاخی بلیند و کەمانیە کە وێنەکەیان دەگەڵ هێندێک سوفالی دیتراوەی پێش مێژوو فەرقێکی وای نییە . لە جنوویی ئێران و لە خرە هەنجیرانیش لە ناوچەی مهاباد لەو وێنانە دیتراوەتەوە . هێندێک لە وێنەکانی کێوە سوور شێوەی وێنەکانی کوهدەشتی لورستان و (ارنان) ی یەزد و گوبوستانی قەفقازن.

**فەرهادتاش:** لە سێ گۆشەیەکی نێوان شارەکانی بۆکان، ساین قەڵا و میاندواو و لە سێ کیلومیتریی ئاوایی بیببیکەند و دو کیلومیتریی ئاوایی قوڕاوە لە رێزە کێوێک کە نێوی کێوی قوڕاوەیە و ئینتیهاکەی دەگاتە بیبیکەند ئاسەوارێکی مێژوویی دەورانی مانناو ماد دەبیندرێ . ئەو ئاسەوارە لە داوێنی کێوەکە و لە دۆڵێک دا کە چۆمی قوڕاوەی پێدا تێدەپەڕێ و دوای ئەوەی لە بیبیکەند رەد بوو چۆمێکی چکۆڵەی دیکەی تێکەڵ دەبێ و دوایە تێکەڵ بە چۆمی جەغەتوو دەبێ. لە لای چەپی ئەو چۆمە وێرانەی شارێکی قەدیمی دەبیندرێ و ئاسەوارە هەڵکەندراوە مێژووییەکەش کەوتوتە سەرووی ئەو شارە وێرانەوە. لە لای چەپەوە چاردە دەخمەی دستکرد و دوو غاری گەورە و بچووک بە تاشەبەردی شاخەکەوە دەردەکەوێ. غارێکی گەورە لە لای رۆژهەڵاتەوە هەیە کە شەوانە شوانەکان مەڕی تێدا دەحاوێننەوە و لە میچی ئەو غارە حەفرەیەکی درێژاودرێژ هەیە کە دەگاتە دەرکی دەخمەیەک کە ۹ وەتاغی گەورە و چکۆڵەی تێدایە هەروەها غارێکی چکۆڵەکە بەشێکی

سروشتی و بەشێکی دەستکردە و دەرگایەکی بۆ چوونە ژوور هەیە و بە دەخمەیەکی  دیکە وەسڵ دەبێ کە زۆر وەک فەقرەقای مهاباد دەچێ. وەتاغەکانی ئەو ئاسەوارە ئەغڵەبی تاقچەی هیلالی لە دیوارەکانیان هەڵکەندراوە.

**سماقان:** کۆی ئاسەوارەکانی سماقان لە سەر میحوەری بۆکان ،ساینقەڵا و لە جنووبی ئاوایی کانی سنجو بەرەو چۆمی جەغەتوو هەڵکەوتووە . ئەو ئاسەوارانە شامیلی ٧ دەخمەی بردینەن و خەڵکی ناوچەکە بە فەرهادتاش نێوی دەبەن. لەو سوفالانەی کە لەوێ دیتراوەتەوە درەکەوەتووە مەربووت بە هەزارەی دووهەمی پێش میلاد و هاوکاتە دەگەڵ دەسەڵاتی حکومەتیماننا . تەواوی دەخمەکان روو بە رۆژهەڵات و تاوگرن .

## ئازەرگوشەسب(تخت سلیمان):

یکی شهردید اندرآن دژ فراخ        پر از باغ و میدان و ایوان و کاخ

درآنجا که آن روشنی بردمید        شد آن تیرگی سربسر ناپدید

بفرمود خسرو بدان جایگاه        یکی گنبدی تا به ابر سیاه

درازا و پهنای آن ده کمند        به گرداندرش طاقهای بلند

زیرون چو نیم از تک تازی اسب        برآورد و بنهاد آذرگشسب

نشستند گرد اندرش موبدان        ستاره شناسان و هم بخردان

شاری شیز یا ئازەرگوشەسب یا گەنزەک و نهایەتەن تەختی سولەیمان هەروەها لەو مەسیرەدا وێرانەکانی شاری (پرئەسپە) یادگاری دەورانی ساسانی و شەڕەکانی ئێران و رۆمن. لە بارەی پڕ ئەسپە یا فرە ئەسپە شارێکی وەکوو قەڵایەک لە بەرزاییەکانی رۆژهەڵاتی بلقیس هەڵکەوتووە و ئێستا چەند وێرانەیەکی لێماوەتەوە بەڵام تەختی سولەیمان ئێستاش شکۆ و شەوکەتی خۆی پاراستووە و لە سەر سوفەیەک بە دەوری دەریاچەکەوە هەڵکەوتووە کە قووڵایی دەریاچەکە تا ٦٥ میتر بەراوەرد کراوە وپاشماوەکانی کاخی عەزیمی (کسری) کە وەک ئەیوانی مەادئین دەچێ بەڵام چکوڵەترە هەروەها چوارتاقی ئاورگەی بە ناوبانگی ئازەرگوشەسب و هێندیک پاشماوەی بیناکانی دەورەی ئیلخانی تێدا ماوەتەوە. لە فاسیلەی ٣ کیلومیتریی تەختی سولەیمان کێوی زیندانی سولەیمان هەڵکەوتووە کە کێوێکی هوڵوڵە و لە نزیک ئەو کێوە قەڵای بلقیس بە بڵێندیی ٣٣٣٢ میتر دەڕوانێتە سەر بابانەزەر و تەختی سولەیمان . (فردوسی) هەروەک لە سەرەتای ئەو باسەدا دیتمان دەڵێ تەختی سولەیمان جێگای موبەدان و خیرەدمەندان بووە . (یاقوت حموی ) بە شیز نێوی دەبا کە (معرب) ی چیس و بە جێگای زەردەشتی دەزانێ و ( ابودلف) شاعیری عەرەبی قەرنی چواری کۆچی دەڵێ لە رۆژهەڵات و رۆژاوای ئێران را موغەکان ئاوری خۆیان بە ئاوری ئەو ئاورگەیە هەڵدەکرد . لە سەدەی رابردوودا بۆ هەوەڵ جار راولینسون سەری لەو شوێنە داوە و دوای ئەو (اریک اشمیت) ی ئالمانی لە تەیارەڕا چەند وێنەی لێ هەڵگرت و لە کتێبەکەی خۆیدا بە نێوی (پرواز بر فراز شهرهای عتیق ایران) چاپی کرد. کاری عیلمیی باستانشناسان لە ساڵی ١٩٥٩ ی میلادی لە لایەن کۆڕێکی ئەلمانی و ئێرانی دەستی پێکردکە ٢٠ ساڵی کێشا و بەوکارە بەردەوامەیان تەرحی گشتیی کاخی ساسانی و ئاورگەکە و بیناکانی دەورەی ئیلخانی بە جوانی روونکراوەتەوە. بێجگە لەوە هێندێک بینای پرش و بڵاو لە دەوری دەریاچەکە هەن کە هەموویان ئێ دەورەی ئیلخانین و لە هیچ بارێکەوە ناگەنە بیناکانی دەورەی ساسانی .

رەحیم رەئیس نیا لە کتێبی (آذربایجان در سیر تاریخ ایران) دا بە تەفسیل باسی ئەو ئاسەوارەی تەختی سولەیمان دەکا و لە کۆ تاییدا دەڵێ: لە ئاکامی لێکۆکینەوەی (باستان شناسان ایرانی و آلمانی) دا کەل و پەلی زۆر لە ژێر خاک هاتە دەرێ وەکوو حەساری دەوری قەڵاکە و پاشماوەکانی ئاورگەی ئازەرگوشەسب و هێندێک بینای دیکە ی کە لە دەورانی جیاوازدا دروستکراون لە دەورەی مادەوە بگرە تا زەمانی ئیلخانانی مەغوول و ژمارەیەکی زۆر سوفالی لعابدار و بێ لعاب ئێ پێش و پاش ئیسلام . حەساری قەڵاکە کە هەمووی تەختی سولەیمان و دەریاچەکەی دەورداوە زیاتر لە ١١٢٠ میتر درێژە و ٦ تا

٨ میتیر بەرزاییەتی ونزیک چوار میتر پانە و ٣٧ بورج و دوو دەروازەی هەیە و ئیحتیمالەن لە دەورەی ئەشکانیدا دروست کرابێ.

کاک ئەنوەر سوڵتانی لە کتێبی ( بۆکان شوێنەوارێکی میترایی و یادگارێکی ژنخودای ئاناهیتا) لە بارەی ئاورگەی ئازەرگوشەسبەوە دەنوسێ : میترا پێش زەردەشت یەک لە مەزنترین خوداکانی هیندوئێرانی بوو . بایەخ و گرنگایەتی میترا و بە هەمان شێوە ئاناهیتاش دوای زرەدەشت هەر مایەوە . ئەردەشیری دووەمی هەخامەنشی لە بەردەنووسی هەمەدان دا دەڵی من ئەو کاخەم بە خواستی ئەهورامەزدا و ئاناهیتا و مەزدا دروست کرد ئەردەشیری سێیە میش لە سەر دیواری باکوری تەختی جەمشید نووسیوەیەتی  ئاناهیتا و میترای خودا ئاگایان لە من و ئەو وڵاتە و ئەو شتانە بێت کە من بنیاتم نان . ئەگەر ئاورگەی شیز لە سەردەمی زرەتەشتایەتیدا بوویێتە خاوەنی گرینگایەتی زۆر کە هەرواش بووە ئاورگەی زرەتەشتییەکان لە سەر خۆڵەمێشی پەرستگەی ئایینیکی کۆنتر (ئاناهیتا) دانراوە . بەڵگەیەک بۆ پەسەندی بۆچوونەکە ، پاشماوەی پەرەستنگەیەکی ئاناهیتاش لە وێرانەکانی تەختی سولەیماندا بەرچاو دەکەوێ . دەبێ ئەو خاڵە قەبووڵ بکەین کە رێز گرتن لە ئاناهیتا و ئاگر پەرستن سەرەتا لە شیز برەوی ساند و رێز گرتن لە ئاناهیتاش لە سەردەمی ئەشکانیەکاندا هەر لە وێوە گەیە ئەرمەنستان بەڵام ئەو ناوەندە واتە شیز بە تێپەڕبوونی زەمان پەیوەندی دەگەڵ مووبەدانی زەڕدەشتی و نەریتە ئەوێستاییەکان پەیدا کرد.